# قورئان بخوێنن؛ چونکە ڕۆژی قیامەت دێت وشەفاعەت دەکات بۆ هاوەڵانی

لە ئەبی ئومامەی ئەلباهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: «قورئان بخوێنن؛ چونکە ڕۆژی قیامەت دێت وشەفاعەت دەکات بۆ هاوەڵانی^، دوو ڕووناکیەکە بخوێنن سورەتی -البقرة وآل عمران-، ڕۆژی قیامەت دێن وەکو دوو هەور وان، یان وەکو دوو سێبەر وان، یان وەکو دوو کۆمەڵ باڵندەی ڕیزبەستوو وان، بەرگری دەکەن لە هاوەڵانیان، سورەتی -البقرة- بخوێنن، چونکە خوێندنەوەی بەرەکەتە (پیرۆزیە بۆ بەندە)، و وازلێهێنانی حەسرەت وپەشیمانیە، وساحیرەکان ناتوانن بەرامبەری بوەستنەوە^^». ^(هاوەڵانی: واتە ئەوانەی دەیخوێنن ولێی تێدەگەن وکردەوەی پێدەکەن؛ وهەموو شتێک دەگرێتەوە کە بەندە ببەستێتەوە بە قورئانی پیرۆز)، ^^(ناتوانن بەرامبەری بوەستنەوە: واتا (سیحری ساحیرەکان پوچەڵ دەکاتەوە

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هانمان دەدات بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی قورئان؛ چونکە ڕۆژی قیامەت شەفاعەت دەکات بۆ ئەوانەی دەیخوێننەوە وکردەوەی پێدەکەن، پاشان جەختی کردەوە لەسەر خوێندنەوەی سورەتەکانی -البقرة وآل عمران-، وبە ڕۆشناکەرەوەکان وڕووناککەرەوەکان ناویانی برد؛ چونکە ڕۆشنیایی وهیدایەتیان تێدایە، وخوێندنەوەیان ولێکدانەوەی ماناکانیان وکردەوە پێکردن بەوەی تێیاندایە؛ یەکێك لە پاداشتەکانیان ئەوەیە ڕۆژی قیامەت وەکو دوو هەور یان دوو شتی تر دێن، یان وەکو دوو کۆمەڵ باڵندەی ڕیزبەستوو وان کە باڵەکانیان ڕاخستووە، سێبەر بۆ هاوەڵانی ئەم دوو سورەتە دروست دەکەن وبەرگریان لێدەکەن. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- جەختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی سورەتی -البقرة- ولێکدانەوەی ماناکانی وکردەوە پێکردنی، وئەمە بەرەکەت وپیرۆزی وسوودی مەزنی تێدایە لە دونیا وقیامەتدا، و وازهێنان لە خوێندنەوەی سورەتی -البقرة- حەسرەت وپەشیمانیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ولە فەزڵ وتایبەتمەندیەکانی ئەم سورەتە ئەوەیە: ساحیرەکان ناتوانن زیان بە ئەو کەسە بگەیەنن کە دەیخوێنێتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10851